السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەگەر سێ کەس بوون؛ با دووانتان بە نهێنی قسە نەکەن دوور لە ئەوی تر، هەتاوەکو تێکەڵ بە خەڵکی زیاتر دەبن؛ چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی دڵتەنگ بێت

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«ئەگەر سێ کەس بوون؛ با دووانتان بە نهێنی قسە نەکەن دوور لە ئەوی تر، هەتاوەکو تێکەڵ بە خەڵکی زیاتر دەبن؛ چونکە ئەمە (ئەم بە نهێنی قسەکردنە) دەبێتە هۆی ئەوەی (کەسی سێیەم) دڵتەنگ بێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئاینی ئیسلام فەرماندەکات ڕێزگرتن لە هەستی مرۆڤەکان ونەشکاندنی دڵیان بە وتە وکردەوە ودانیشتن وگفتوگۆ کردن لەگەڵیان بەڕێزەوە وبە ئەوپەڕی جوانیەوە، وهەروەها ئاینی ئیسلام مسوڵمان ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە ببێتە هۆی ئازاردانی مسوڵمانان وترساندنیان ودروستکردنی گومان بەرامبەریان، ولەوانەش کۆمەڵێک سێ کەس بوون؛ نابێت دووانیان بە نهێنی قسە نەکەن دوور لە ئەوی تر (کەسی سێیەم)؛ چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی دڵتەنگ بێت و وا هەست بکات کە ئەو شایستە نییە بەوەی لەو قسەیەدا بەشدار بێت ولەوەیە گومانی ئەوە ببات باسی ئەو دەکرێت وگاڵتەی پێدەکرێت، وهەروەها هەستەکات تەنیایە، بۆیە شەریعەت هاتووە بە نەهی کردن لەم بە (نهێنی قسەکردنە).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5338

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee